هەڕەشەی ناردنی داهاتی نانەوتی بۆ بەغدا راگەیاند



وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، سبەی دوشەممە داهاتی نانەوتی هەرێم بۆ مانگی تشرینی یەکەم دەخرێتە سەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی عێراق.

وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ لەڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، "سبەی دوشەممە بڕی 120 ملیار دینار وەک داهاتی نانەوتی هەرێم بۆ مانگی تشرینی یەکەم بەشێوەی کاش دەخرێتە سەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ لە لقی هەولێری بانکی ناوەندی عێراق".

هاوکات وەزارەتی دارایی عێراق لەڕاگەیەندراوێکدا باسی لەوەکردوەە، بەشی ژمێریاریی دەستیکردوەە بە خەرجکردنی بودجەی موچەی مانگی 12ی 2025، دابەشکردنی موچە لەگەی بانکەوە هاوشێوەی مانگەکانی پێشو دەبێت.